## چەمچەماڵ: پێشمەرگەیەک خۆی دەکوژێ

ڕۆژی ٤/١١ ٢٠٠٨ کەسێک بەناوی (ج.ڕ) پێشمەرگەی لایەنێکی سیاسی کوردستان دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆیان لە شارۆچکەی چەمچەماڵ گوللەیەک لە خۆی دەدات و خۆی دەکوژێ.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەست ڕۆژی گەل کەوتوون، گوایە قوربانیەکە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکدا هەبووە، چەندین جار خوازبێنی کردووەو ڕەت کراوەتەوە، سەرەنجام کاتێک نائومێد دەبەن، هەردوو ئاشقەکە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن و بڕیاری خۆ کوشتن دەدەن، کچەکە دەڵێ من خۆم دەسووتێنم، کوڕەکەش دەڵێ خۆم دەکوژم، دوای تەواوبوونی تەلەفۆنەکە کوڕەکە یەکسەر گوللەیەک لەخۆی دەدات و خۆی دەکوژێ، بەڵام نەزانراوە کە کچەکە خۆی سووتاندوە یان نا؟

لەلایەکی دیکەوە دایکی قوربانیەکە ئەم دەنگۆیە ڕەت دەکاتەوە کە کوڕەکەی لەبەر خۆشەویستەکەی خۆی کوشتبێ، بەڵکو دەڵێ لەکاتی پاک کردنەوەی چەکەکەیدا فیشەکێک دەرچووەو کوشتوویەتی!

## سۆران: کەسێک ناپاکی دەکات و براکەی خۆشی دەکوژێ

ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٧ کەسێکی تەمەن ٢٤ساڵ بەناوی (غ.ت) لە لایەن براکەیەوە بە ناوی (ع.ت) دەکوژێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان بکوژ ناپاکی لە براکەی خۆی کردوەو بە دزیەوە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ براژنەکەی داناوە، کاتێک ئاشکراش بووە لەجیاتی داوای لێبوردن بکات کەچی هەڵیکوتاوەتە سەر براکەی و کوشتویەتی.

دواتر پەروەندی تایبەت بەو تاوانە دەکرێتەوە، بکوژەکەو ژنی کوژراوەکە دەستگیر دەکرێن. تا ئێستا ڕاستی کێشەکە یەکلایی نەبۆتەوە، هەرچەندە کە دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە کە ژنەکە دانی بە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ بکوژەکە ناوە، بەڵام نکۆڵی لەوە کردوە کە دەستی لە کوشتنی مێردەکەیدا هەبووبێ.

## لەداخی بەرپرسان کارمەندانی هاتوچۆی ڕانیە مان دەگرن

ڕۆژی ٦-٤-٢٠٠٨ کارمەندانی فەرمانگەی هاتوچۆی شاری ڕانیە لەسەر بڕیاری بەڕێوەر مانیان گرت و داوایان کرد کە دەبێ ئەو کەسە سزا بدرێ کە سوکایەتی پێکردوون.

بەگوێرەی زانیاریەکان کەسێکی بەرپرسی حزبی لەناوچەکە بەناوی (ع.ئە) کاتێک لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆوە ڕاگیراوەو پشتێنی سەلامەتی نەبەستاوەو داوای لێکراوە بیبەستێ، گاڵتەی پێکردوون، نەک هەر گوێی لێنەگرتوون بەڵکو هەڕەشەی لێکردوون و ڕۆیشتووە.

کارمەندانی هاتوچۆی ڕانیە وێڕای ئەوەی کە لەدادگە سکاڵایان لەدژدا تۆمارکردوە، بەڵام چونکە پێیانوایە کە دادگە لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکات و سزای نادات بۆیە دەستیان بە مانگرتن کردو داوایان کرد کە دادگەو بەرپرسە گەورەکان گوێیان لێبگرن وخواستەکەیان جێبەجێ بکەن.

## عەربەت: کچێک دەخنکێ

ڕۆژی ٩-٤-٢٠٠٨ فێرخوازێکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەناوی ) د.نا) بەخنکاوی لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا لە شارۆچکەی عەربەت دۆزرایەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کچە بە پشتێن خۆی هەڵواسیوەو هۆکارەکەش بۆ خراپی ڕەوشی خوێندنی دەگەڕێتەوە.

## دیاردەی دزی دەستی پێکردۆتەوە

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە دەست هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل** کەووتوون ئێستا دیاردەی دزیکردن لەنێو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا ڕوو لەزیاد بووندایە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو لێدوانانەیە کە هەندێ بەرپرسی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە باشی و ئارامی و جێگیری ڕەوشی ناو شارەکان ڕایدەگەیەنن.

لەماوەی ڕابردوو دەیان دزی جۆراوجۆر لەنێو شاری هەولێرو چەمچەماڵ و ڕانیە ئەنجام دراون.

لەلایەکی دیکەوە خەڵک ئەو دزیانە بۆ گرانبوونی نرخی کەلوپەل دەگێڕنەوە، هەندێکی دیکەش پێیانوایە کە دیاردەی سامان کۆکردنەوەو دروست کردنی شاری خەونەکان و گوندی ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئەمریکی و دەیان پڕۆژەی بەرچاوی دیکە کە هی بەرپرسەکانن هاندەرێکە تا خەڵک بیر لەخۆ دەوڵەمەندکردن بکاتەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و شیکارێکی زانستی هەیە. بەتایبەتیش کە ئێستا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەهەردوو ڕوویەوە ئەرێنێ و نەرێنی باس لەو دزیانە دەکەون و وەکو هەواڵ بە خەڵکیان دەگەیەنن.

پێشاندانی دزو باسکردن لە دزیکردن و ماڵبڕین سەرتۆپی هەواڵەکانی داگیرکردووە، ناکرێ ئاوا بەسەرپێی چاوی لێبکرێ، بەڵام تا ئێستا وەکو پێویست لەو دیاردەیەو هۆکارەکانی پشتی نەکۆڵراوەتەوە، تەنیا پۆلیس و دادگەکان کاری خۆیان ئەنجام دەدەن. پۆلیس ئەو دزانەی دەست بکەوێ، دەیانگرێ و ڕادەستی دادگەیان دەکات. دادگەش لەکاتی هەبوونی بەڵگەدا سزایان دەدات و زیندانیان دەکات، بەم شێوەیەش دیاردەکە نەک هەر بنبڕ ناکرێ، بەڵکو ڕۆژ دوای ڕۆژ گەورەتر دەبێتەوە.

ئێمە ژمارەیەک هەواڵمان بەدەست گەیشتوون کە باس لە دزی و بڕینی ماڵ و دوکانەکان دەکەن، بەڵام بە پێویستمان نەزانی هەموویان بنووسین، تەنیا وەکو دیارە باسی لێوەدەکەین.

## سزای دوو ساڵ زیندانی کردن بۆ لەیلا زانا دەبڕدرێتەوە



**هەواڵەکان:** دادگەیەکی وڵاتی تورکیا لە شاری ئامەد، بەبیانوی ئەوەی کە ساڵی ڕابردوو سیاسەتمەداری ناسراوی گەلی کوردستان لەیلا زانا پروپاگەندەی بۆ ڕێکخراوێکی نایاسایی کردوە سزای دووساڵ زیندانی بۆ بڕیەوە.

سیاسەتمەداری ناسراوی کورد لەیلا زانا کە پێشتر لەسەر لیستی پارتی DEP ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بوو، چونکە ئەوکاتە بە کوردی سوێندی خوارد سزای ١٥ ساڵ زیندانی کردنی بەسەردا سەپێنراو ماوەی ٩ ساڵ لە زیندان دا مایەوە، ئەمجارەشیان چونکە بە دۆزێکی دیکە و لە پەروەندەیەکی دیکەدا مەحکوم کراوەو سزای ٢ ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە پشێتر سەردۆزگەری کۆماری تورکیا لە شاری ئامەد دۆزێکی لە دژی لەیلا زانا کردبۆوە، بەبیانوی ئەوەی لە نەورۆزی ساڵی ڕابردودا، لە کاتی خوێندنەوەی وتارەکەی گوتبووی کوردان خاوەنی ٣ سەرکردەی بران، یەکێکیان سەرکۆماری عێراق جەلال تالەبانی، یەکێکی دیکەشیان مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەوی دیکەشیان عەبدوڵا ئۆجالانە، بەڵام هەر زوو دۆزێکی لە دژدا کرایەوەو تا ١٠ی نیسانی ٢٠٠٨ درێژەی کێشا، سەرەنجام ڕۆژی ١٠-٤-٢٠٠٨ دادگە بڕیاری خۆی لەمەڕ لەیلا زانا ئاشکرا کر، بڕیارەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

پەرلەمانتاری پێشوی پاری قەدەغەکراو "دەپ" ناسراو بە لەیلا زانا، لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٧ دا، لە دیاربەکر گوتارێکی پێشکەش دەکات و لەوێ باس لەوە دەکات کە کوردان خاوەن سێ سەرکردەی بران، یەکێک گوایە لەو برایانە عەبدوڵا ئۆجالانە کە بە کوشتنی ٣٠ هەزار کەس لە تورکیا دادگایی کراو سزای لەسێدارەدان پاشان گۆڕا بو سزای تا هەتاهەتایی بۆی بڕاوەتەوە، بەم پێیە زانا پێشێلکاری لەبەرانبەر یاساکانی کۆماری تورکیا کردووەو پروپاگەندەی بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان کردوە، ئێمە وەکو دادگەی کۆماری تورکیا، بەپێی دەستوری بنچینەیی کۆماری تورکیای گەورە داوای سزای دوو ساڵ زیندانی بۆ ئەو کەسە دەکەین.

## لە چەند ڕووداوی جیاجیادا چەند کەسێک دەسووتێن

ڕۆژی ٥-٤-٢٠٠٨ لە گەڕەکی شەهیدان لە ناحیەی **ژاراوە** خوێندکارێکی ١٥ساڵە بەناوی (ش.م) لەکاتی خۆشتن ٧٠%جەستی دەسوتێ و خوشکەکەشی بەناوی(ن)ەوە بەهانایەوە دەچێ، بەڵام ئەویش دەسوتێت، دواتر هەردووکیان ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێن.

ڕۆژی ٦-٤-٢٠٠٨ لە کۆمەڵگەی چۆمانیەکان لە ناحیەی **چوارقورنە** ژنێکی تەمەن١٦ساڵ بەناوی(خە. ع) ئاوی گەرم بەسەر جەستەی دادەرژێ و بەشێکی زۆری جەستەی دەپلۆقێ، بەڵام ڕەوانەی نەخۆشخانە ناکەن و بە دەرمانی کوردەواری تیماری دەکەن، کەچی بەهۆی دوای سێ ڕۆژ گیان لەدەست دەدات.

ڕۆژی ٦-٤-٢٠٠٨ لە گوندی **(سندۆلان)**ی سەر بە ناحیەی ژاراوە کچێکی تەمەن ١٩ساڵ بەناوی (د. س.ع) لەماڵی خۆیان بەهۆی گڕگرتنی پەرەمێزەوە جەستەی دەسوتێ و بۆ چارەسەرکردنی ڕەوانەی نەخۆشخانەی قەڵادزی دەکرێ.

ڕۆژی ٧-٤-٢٠٠٨ لەگەڕەکی تەیراوەی شاری **هەولیر** کچیکی تەمەن ٢٩ ساڵ بەناوی (ش.ع) لەداخی ئەندامانی خێزانەکەی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو بەڕێژەیەکی زۆر سووتا و دەستبەجێ ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی کرا. قوربانیەکە بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە کە هۆکاری خۆسوتاندنەکەی بۆ خراپی ڕەفتاری دایکی و براکانی دەگەڕێتەوە.

ڕۆژی ٨-٤-٢٠٠٨ لە گەڕەکی (ڕەشەمێرگ)ی شاری **ڕانیە** ژنێکی تەمەن ٤٣ ساڵ بەناوی (ئا. ع) لەماڵی خۆیان بەهۆی تەقینی بتڵی غازەوە گڕی تێبەردەبێ و بەشێکی زۆری جەستەی دەسوتێ و بەپەلە قوربانیەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە دەکرێ.

ڕۆژی ٨-٤-٢٠٠٨ لە گەڕەکی ئازادی شارەدێی **بەحرکە**ی نزیک شاری هەولێر ژنێک بەناوی (ف.ئیس) لەداخی مێردەکەی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو ژنە چوار منداڵێ هەبووە بەڵام مێردەکەی دڵپیسی لێکردووەو بەردەوام سوکایەتی پێکردووە، بەر لەمردن قوربانیەکە بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە کە لەداخی مێردەکەی خۆی سووتاندوەم بەوهۆیەشەوە تۆمەتبارەکە دەستگیر کراوە.

ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٩ لە نێوان ئاوارەکانی بناری قەندیل لە **(سێناوە** لە پردی مەنگورایەتی) منالێکی تەمەن٥ساڵ بەناوی (س.کوێخا ڕەشە)بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە خێمەکەیان سوتا و گیانی لەدەست دا

## پارێزگای کەرکوک فیتەرو کارگەکان هەراسان دەکات

تایبەت بە **ڕۆژی گەل**: ماوەیەکە پارێزگاری کەرکوک بەبیانۆی جوانکردنی شار کەوتۆتە وێزەی فیتەرەکان و داوایان لێدەکات کە بۆ ناوچەی پیشەسازی بگوازنەوە.

بەگوێرەی بانگەشەکان لیژنەی ئاسایشی پارێزگا ڕاسپێردراوە کە ئەم کارە لەماوەی ١٠ ڕۆژدا یەکلایی بکاتەوە، دواتر تەواوی ئەو کەسانە زیندانی بکات کە ئامادەنەبوونە دوکان و کارگەکانیان چۆڵ بکەن.

فیتەرێک بە ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە ١٠ ماوەیەکی یەکجار کەمە، نەک ئەوانەی نایانەوێ بگوازنەوە، بەڵکو ئەوانەی مەبەستیان گواستنەوەش بێ لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ناتوانن کەل و پەلەکانیان کۆ بکەنەوەو بۆ ئەو شوێنەی کە دەست نیشان کراوە بگوازێتەوە، بەتایبەتی کارگەکان وەکو فیتەرەکان نین، ئەوان کەلوپەلی زۆریان هەیە، پێویستان بە دامەزراندنەوەی کارگەکانیان هەیە، ئەمەش کاتی دەوێ و ناچار دەبن کە ماوەیەک بێکارو بێ بەرهەم بن، باری دارایی و ئابووری هەموانیش ئەمە هەڵناگرێ، بەتایبەتی کە زۆربەی ئەو فیتەرانە خەڵکی کاسبن و دەستمایەی دیکەیان نیە. ڕاستیەکەشی ئێمە گومانمان لە نیەت پاکی هەیە، پێمانوایە دەیانەوێ ئەو شوێنانە بۆ خۆیان دەستی بەسەر دابگرن، ئەگینا بەرپرسانی شار ئەرکیانە بژێوی خەڵکی دابین بکەن، نەک ژیان و بژێویان لێ قورس و سەخت بکەنەوە.

## هەواڵی سەیر

**هەفتەی** ڕابردو ئوتومبێلی بەرپرسێک لەشاری هەولێر لەدوو وڵاتی دەدات و زۆر بە خراپی برینداریان دەکات،کە دادەبەزنن ئەوانە (قەرەج)ن بۆیە بە جێیان دەهێڵن،بەڵام ئەو خەڵکانەی کە بریندارەکان دەبەن بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن چاک دەیانناسنەوە و خەبەری خزم و کەس و کاریان دەدەن. دوای ئەوەی دەردەکەوێ ئەو دوو هاوڵاتی یە خەڵکی دەڤەری (مێرگە سور)ن خزمی (ح-آ)کە یەکێکە لەدەمسپی عەشیرەتەکانی ئەو دەڤەرە، بەرپرسەکە بەخۆی و شوفێرەکەیەوە خێرا خۆیان دەگەیەنن بە ماڵی(ح)لە دیوەخانەکەیدا زۆر زۆر داوای لێبوردن دەکەن و دەڵێن ملمان لەتاڵی (موو)باریکترە لەلاتان چی دەڵێن ئێمە ئامادەین بەڵام با گەورە نەبێتەوە.

**لە** ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٣ ئەندازیارێکی فەرمانگەی ئاوی کەرکوک بەناوی (آ-ع-آ)لەگەڵ هاوسەرەکەی کە ئەویش هەر ئەندازیارە لەو فەرمانگەیەو نزیکەی ١٨ساڵ خزمەتیان هەیە، دەچن بۆ فەرمانگە و پاسەوانی دەرگاکە کە عەرەبێکی دەهەزاریە ڕێگایان پێ نادات بچنە ژورەوە و دەڵێ من ئێوە ناناسم و بەڕێوەبەر فەرمانی داوە کە هەر کەسێک نەناسێ مەیکەرە ژوورەوە. دوای مشت و مڕێکی زۆر بێ سود دەبێتە شەڕیان و ئەندازیارەکە لە پاسەوانەکە دەدا و تەلەفۆن بۆ خزمەکانی دەکات و ئەوانیش لەوێ کۆدەبنەوە،ڕەوشەکە بەرەو ئاڵۆزی زۆر ڕۆشتبوو هەتا لەدوایدا پۆلیس و ئاسایش بەشداری تیا کردبوو،لە ئەنجامدا دوای یەک دوو ڕۆژ ئاشتیان کردبوونەوە .

**ڕۆژی** ٢٠٠٨/٤/٦ پێشەنگایەکی فراوانی هونەری شێوەکاری بۆ کۆمەڵی فێرگەی شاری کەرکوک کرایەوە لە گەڕەکی (ئیمام قاسم)، ئەوەی کە لەو پێشەنگەیەدا بینرا زاڵ بوونی ڕەنگ و وێنەیەکی زۆری فێرخوازان و مامۆستاکانیان کە زیاتر تەعبیر لە ڕەنگی ئاڵای حزبێکی گەورەی کوردستان دەکرد نەک تەعبیر لە کێشەکانی هەموو نەتەوەکە، لە ڤیستڤاڵەکەدا ئەوە دەردەکەوت کە مامۆستاکان بە زۆری لەسەر یەک(ستایل) فێرخوازەکانیان فێر کردبێ کە ستایلی حزبی و (وەلائە) بۆ حزب، هەر بۆیەش بەرپرسێکی گەورەی ئەو لایەنە بۆ کردنەوەی پێشەنگاکە دانرابوو.

**وڵاتی** (عەزیز حەمە علی)دانیشتووی شاری چەمچەماڵ لە هەفتەی ڕابردوو ئوتومبێلێکی جۆری (نیسان دەبڵ) دەفرۆشێ بە پیاوێکی هەڵەبجەیی کە لە ڕێگەی ناسیاوێکی (ع) هاتبوو بۆ کرینی ئەو ئوتومبێلە. بڕیار بووە کە ڕۆژی دوایی پارەکەی بۆ بهێنێ، بەڵام سێ ڕۆژی بەسەردەچێ دیار نابێ، بۆیە ئەمیش چەند کەسێکی خزمی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەباو دەچنە هەڵەبجە و لەوێ پرسیاری دەکەن، کەس و کاری پێیان دەڵێت کاکە گیان ئوتومبێلەکەی فرۆشتووە بە کەسێکی خەڵکی ڕانییە خۆی وونکردووە، ئەمانیش دەچن لە ڕانیە بە زۆری چەک ئوتومبێلەکەی دینێتەوە بۆ چەمچەماڵ و پێیان گووتووە برۆ هەقی خۆت لە کابرای هەڵەبجەیی بسەێنە. تا ئیستا کێشەکە وەکو خۆی ماوە و پیاوەکەش دیار نی یە.

**ڕۆژی** ١٠-٤-٢٠٠٨ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی دەستپێشخەری کرد و سەردانی شارۆچکەی چەمچەماڵی کرد و بەردی بناخەی هەزارو سەد خانووی بۆ بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان دانا.

بەرلەهاتنی سەرۆکی حکومەت شارەوانی بازاڕو شەقامەکانی پاک کردبوونەوە، بە تانکەر هەمووی شووشتبوون، بەڵام سەرۆکی حکومەت بە لاڕێدا چووە ئەو شوێنەی کە خانووەکانی لێ دروست دەکرێ، دوایی چوە پەیمانگەی تەکنیکی کە لە پەڕگەی شارە و لەوێ وتەیەکی پێشکەش کرد، هەربۆیە بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان گلەیی و گازاندەیان لێی هەبوو چونکە سەردانی گەڕەکی شۆڕشی نەکرد کە نشینگەی بنەماڵەی ئەنفالکراوەکانە، هەروەها خەڵکی سەریان لەو هەموو پشکنین و پاسەوانەی کە لەگەڵ خۆی هێنابووی، سوورمابوو!

لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر ڕێگەی گشتی لە بازیانەوە تا چەمچەماڵ چەکدار هەڵڕژرابوون، بەمەش ڕێگەی هاتنوچونی خەڵکی ئاسایی ئاستەنگ کرابوو!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com